National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# ڕاپۆرتێک لەبارەی:
# دۆخی منداڵان لە گەرمیان
# (2019)

ئامادەکردنی:

(رادیۆی دەنگ) لە ڕێگەی (یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ) و (رۆژنامەی نەوژین)ـەوە

1/6/2019

## پێشەکی

زۆرتر رۆژی یەکی حوزەیران واناسراوە کە رۆژێکە بۆ پیشاندانی خۆشی و شادیی بۆ منالان، بەلام لەپاڵ ئەمەدا پێمانوایە دەبێت رۆژێک بێت بۆ لەسەر وەستانی ئەوەی دۆخی ژیانی منالان لە چ ئاستێک دایە و ئالەنگاریی و کێشەکانی بەردەمیان چین؟

ئەم پرسیارانە لەو سۆنگەوە گرنگن کە پتر لە هەر توێژێک، منالان پێویستیان بە بایەخ و گرنگیی پێدان هەیە، بەو هۆکارەی لەو رێگەیەوە داهاتویەکی باشتر بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر دەکرێت.

هەربۆیە ئێمە لە (یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ) و رۆژنامەی (نەوژین) کە دو پرۆژەی (رادیۆی دەنگ)ین لە گەرمیان، بە پێویستمان زانی کە بۆ رۆژی جیهانی منالان لە 2019 دا، راپۆرتێکی تایبەت ئامادە بکەین کە تیایدا بە کورتی تیشک بخەینە سەر ئەو کێشە و گرفت و ئاستەنگیانەی کە منالانی گەرمیان هەیانە.

هەڵبەت کارەکەی ئێمە پتر رۆژنامەوانیە وەک لەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بێت، هەربۆیە بە زۆری پشتمان بە راپۆرتی رۆژنامەوانی بەستوە، بەدیارییکراویش ئەو راپۆرتانەی کەلە (30) ژمارەی رابردوی رۆژنامەی (نەوژین) دا لەبارەی مافەکانی منالانەوە خراونەتەڕو.

ئێمە ویستومانە بەم کارەمان دەلاقەیەک رۆشنایی بخەینە سەر ئەو ئاستەنگ و پێشێلکاریی و بەرەوپێشەوەچونانە، هەروەک پێکەوەش هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدەین.

هەروەک لە کۆتایی راپۆرتەکەش دا، بە چەند خالێک دەرەنجام و راسپاردەی ئەم کارەمان خستوەتەڕو، هەندێک لەو باوەڕانەی پێی گەیشتوین ئاماژەی پێدراوە و هەندێک خالێش وەکو چارەسەر و پێشنیاز خراونەتەڕو.

خوازیارین ئەم هەوڵەمان جێگەبگرێت بە ئاقاری برەودان بە مافەکانی منالان و بەرەنگاربونەوەی ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەریان دەکرێت و لابردنی ئەو ئاستەنگیانەی دێتە رێگەیان.

## بەشی یەکەم: راپۆرت

*** دەستپێک:**

لەمیانەی ئەم بەشەدا ئاماژە دەکەین بە دیارترین ئەو کێشەو گرفتانەی کە روبەڕوی منالآنی گەرمیان دەبێتەوە، هەروەک ئەو ئالەنگاریی و پێشێلکاریانەش دەخەینەڕو کە بونیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش بە خاڵی جیاواز هەریەکە لە دیارترین ئەو کێشە و پرسانە باسکراون.

**یەکەم: کارکردنی منالآن**

شێوازەکانی کارکردنی منالّ لە سنورەکە دیمەنێکی بێزراوی بە کارکردنی منالآن بەخشیوە ئەوەش بە کردنی کۆمەڵە کارێکی قورس و مەترسیدار بۆ سەر تەندروستییان، بە پێی بەدواداچونەکانیش بۆ ئەم کەیسە تاوەکو ئێستا ئامارێکی ورد لەسەر کارکردنی منالآن لە سنورەکە بونی نیە، ئەمە لە کاتێکدایە بە پێی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ، کارکردنی منالآن بە هەمو شێوەیەک رێگەپێنەدراوە، بەڵکو بە تاوانیش هەژمار دەکرێت، حکومەتیش بەرپرسە لە دابینکردنی ژیان و بژێویی بۆ منالآن.

کارکردنەکانیش بەسەر چەند بەش و بوارێک دا دابەش بون، لەوانە:

**1. کارکردنی منالآن لەسەر زبڵدان**

ئەمە یەکێکە لەو کارانەی رۆژانە لە گەرمیان منالآنی ئیشکەر لە سنورەکە بۆ پەیداکردنی برێک پارە دەستی بۆ دەبەن.

یەکێک لەو مندالآنەی کە ئەم کارەدەکات بە ناوی (یاسر حەمید)، تەمەن ٨ ساڵە، لە راپۆرتی ژمارە ٤ رۆژنامەی (نەوژین) باسی لەوەکردوە، بەهۆی مردنی باوکییەوە دەستی داوەتە ئەم کارە بۆ پەیداکردنی بژێوی بۆ خێزانەکەی.

لەبەرامبەر هۆکارەکانی ئەم جۆرە کارانەدا، لەیلا ئەحمەد، ئەندامی تیمی رێکخرای وادی ئەڵمانی لە گەرمیان کە گرنگیی بە ژنان و منالآن دەدەن، دەڵێت: "زۆربەی ئەو منالآنەی کاردەکەن باوکیان لە ژیان نەماوە و خێزانەکانیان دەستکورتن، ئەمە هۆکاری سەرەکی کارکردنیانە".

**2. کارکردنی منالآن لە ناوچەی پیشەسازی**

زۆرجار لە باسکردنی منالآنی ئیشکەر لە ناوچەی پیشەسازیی باس لەوەدەکرێت لە لایەن خاوەنکارەکانەوە گرنگی بەهێز و تەمەنی ئەو منالآنە نادرێت و کۆمەڵێک کاری قورسیان پێدەکەن، ئەمە بەدەر لە چەندین قسەی بریندارکەر.

بەڕێوبەری فەرمانگەی مافی مرۆڤی گەرمیانیش لە دیدارێکی (رادیۆی دەنگ)دا ئەمەی پشتراستکردەوە کە لەگەرمیان ئەمجۆرە کار و رەفتارانە بەرامبەر بە منالآنی ئیشکەر دەکرێت.

### 3. ئەو منالانەی بۆ سوالکردن بەکاردێن

بە بەردەوامی دیمەنی "سوالکەران" لەنێوبازاڕ و گەڕەکەکانی شاردا سەرنجمان رادەکێشن بەتایبەت ئەگەر منال بن، ئەم حالەتەش بەتایبەتی لەم ماوەیدا کەم بوەتەوە، بە کاریگەریی ئەو هەلمەتی دەستگیرکردنانەی کە هێزە ئەمنیەکان دەیکەن.

بەلام ئەم حالەتە لەشێوەی دیکەدا خۆی دوبارەکردوەتەوە، ئەویش کارکردنی ژمارەیەک منال لە فولکە و ترافیکلایتەکانی ناو شارەکانی گەرمیان و بەزۆر پێفرۆشتنی شمەک یان ئەنجامدانی کارێک بۆ ئەوەی پارەیان پێبدرێت لەلایەن شۆفێرانەوە.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (نەوژین) و هەروەها بەدواداچونێکی رادیۆیی یەکەی رۆژنامەوانی مافی مرۆڤ، زۆرینەی ئەو منالانە ئاوارەن و لەلایەن خێزانەکانیانەوە ناچار بە کارکردن دەکرێن، تەنانەت تێیاندایە کە کەسوکاری نێرینەی گەورەشیان هەیە و ناچاریان دەکەن ئەو کارانە بکەن، هەروەک تێشیاندایە کە لەبەر نەبونی بەخێوکەر و بۆ بژێویی خێزانەکەی، ئەو کارە دەکات.

### دوەم: مافەکانی منالانی خاوەن پێداویستی تایبەت

منالانی خاوەن پێداویستی تایبەت، لە هەرە پەراوێزخراوترین توێژەکانی منالانن لە گەرمیان، کە گرنگیەکی ئەوتۆ بۆ ژیانیان بونی نیە.

لە تەوای گەرمیان تەنها یەک قوتابخانەی تایبەت هەیە بۆ منالانی خاوەن پیداویستی تایبەت ئەویش قوتابخانەی وانۆی نابیستانە لە کەلار، بەم هۆیەشەوە هەندێک لە قوتابیەکانی لە کفری و خانەقین و رزگاریەوە دێنە ئەم قوتابخانەیە.

رەحیم کەریم، بەڕێوبەری قوتابخانەی وانۆی نابیستان لە راپۆرتێکی ژمارە ٢ی رۆژنامەی (نەوژین)دا هێمای بەوەکردوە کە لەلایەن حکومەتەوە هیچ هاوکاریەک نەکراون ئەوەی هاوکاریکردون خێرخوازان بون.

دایکان و باوکانی ئەم مندالانەش سەرەڕای دلخۆشیەکی زۆریان بەوەی مندالەکانیان هاوشانی مندالانی دیکە دەخوێنن بەلام گلەیی خۆیان هەیە

جەمیلە سرود، چوار مندالی نابیستی هەیە وتویەتی:"زۆرم پێخۆشە کە مندالەکانم وەک مندالێکی ئاسایی خوێندن تەواوبکەن ، بەلام دابینکردنی کرێی هاتوچۆی چوار مندال بۆ ئێمە قورسەو بەزەحمەت پێمان دابیندەکرێت".

م.رەحیم، ئاماژەی بەم گرفتە کردوە دەلێت:"چەندین قوتابیمان بەهۆی ئەوەی کەس و کاریان توانای دابیکردنی کرێی هاتوچۆیان نەبوە وازیان لە خوێندن هێناوە بەتایبەت ئەو قوتابیانەی لە دەروەی کەلار بون".

**سێیەم: بێبەشکردنی منالان لە مافی خوێندن**

بەشێکی زۆری ئەو منالانەی کە لە خوێندن دادەبرین بە پێی زانیاریەکان مندالانی کوڕ بۆ کارکردن دادەبڕێن لە خوێندن و کچانیش هەندێکجار لە بەر باری کۆمەلایەتی خێزانەکانیان کە پێیانوایە کچان پێویست ناکات بخوێنن، هەندێکیشیان منالانی گوندنیشینن کە بەهۆکاری هاتوچۆکردن بۆ خوێندنی ئامادەی،ی دەستبەرداری خوێندن دەبن.

ژمارە ٢٦ رۆژنامەی (نەوژین) لەراپۆرتێکی دا باسی لەو منالانە کردوە کە بەهۆکاری خێزانی و کۆمەلایەتی لە قۆناغەکانی سەرەتایی لە خوێندن دادەبڕدرێن بە تایبەتی کچانی منالّ، سەرگوزەشتەی چەند کچێکی منالّی دابڕێندراوی لە خوێندن تێیدا باسکراوە. (ترێ) نمونەی یەکێک لەو کچانەیە و دەلّێت: "زۆر حەزم بەخوێندن بو پاش ئەوەی چەند سالّێک خوێندم، براکانم بون بە رێگر لە بەرەدەممدا و نەیانهێشت بەردەوامی بەخوێندن بدەم".

لە راپۆرتێکی ژمارە ٨ی (نەوژین) دا بەهەمان شێوە تیشک خراوەتە سەر ئەم بابەتە و خراپی باری دارایش بە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دەستبەرداربونی خوێندنی منالان دەخرێتەڕو بەتایبەت منالانی کوڕ.

محەمەد عەزیز، تەمەنی هێشتا ١٤ سالّە، بەلام باری دارایی خێزانەکەی ناچاری کردوە بە کارکردن لە بری خوێندن، دەلّێت: "وازم لە خوێندن هێنا بۆ ئیشکردن، ئەگەر رۆژێک کار نەکەم بەخێزانەکەمەوە دیارە".

منالانی گوندنیشین بەشێکی دیکەن لە قوربانیانی دابڕان لە خوێندن، نمونەی یەکێک لەو مندالانەی کە قسەی بۆ رۆژنامەی (نەوژین) کردوە، کچە خوێندکارێکی گوندی (سەوزبلاغ)ی سەر بە قەزایی خانەقینە کە ماوەی دوسالّە لە خوێندن دابڕاوە، ئەو دەلّێت: "دەبوایە رۆژانە رێگەیەکی دورم ببڕایە بۆ ئەوەی بەردەوام بومایە لەخوێندن، چونکە گوندەکەمان خوێندنگەی ئامادەیی تێدا نیە، ئەمەش بۆ من قورس و ئەستەم بو".

ئەو کچە تا پۆلی ١٠ ی ئامادەیی خوێندوە، لە درێژەی قسەکانی وتی: "خەونم بە بڕوانامەی یاساوە دەبینی بەلام خەونەکەم لە بار برا".

**چوارەم: توندوتیژیی دژ بە منالان**

**1. ئەو منالانەی قوربانی جیابونەوەی خێزانەکانن**

"تەمەنم هەشت سالّ بو دایک و باوکم جیابونەوە، پێش جیابونەوەیان ئەوەندە شەڕ و هەرایانم بینی بو، منالّم بە ترس و گۆشەگیری بەڕێکرد، دوای جیابونەوەشیان خەمەکانم دو ئەوەندە زیادی کرد". (رێناس) لەژمارە ٢ی رۆژنامەی (نەوژین) دا وادەلّێت.

هەمیشە لە باسی جیابونەوەی خێزانەکان منالّەکان وەک قوربانی ئەم کەیسانە دەبینرێت، ئەوان شاهیدی ئەوە دەدەن تاوەکو ئێستاش منالّ هەیە لە لایەن خێزانی ژنەکەوە قبولّ ناکرێت، پیاویش هەندێکجار ئە منالّە دەدات بە مالّی باوکی بۆ بەخێوکردن، بەمەش منالّ لە ژینگەیەکی ناسەقامگیر ژیان دەکات و کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر هەلّسوکەوتی لە داهاتودا و رەنگە سەربکێشێت بۆ حالّەتی مەترسیدار وەک توێژەرێک ئاماژەی پێدەکات

محەمەد نەجیب، توێژەری دەرونی، لەمبارەیەوە هێمای بەوەکرد: "بەشێکی زۆری ئەو منالأنەی باوک و دایکیان لێک جیابونەتەوە، ڕەنگە لە داهاتودا پەنا ببەنە بەر ڕەفتاری خراپ یان کەسانی شەڕانگێزیان لێدەربچێت، هەڵبەت ئەمە مەرج نیە هەمو جارێک روبدات".

## 2. بەشودانی کچان لە تەمەنی منالی دا

بەشودانی کچانی منال لە گەرمیان یەکێکی دیکەیە لە پێشێلکردنی مافەکانی منالأن و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، وەک پسپۆرانی بواری تەندروستی ئاماژەی بۆ دەکەن هاوسەرگیری پێشوەختەی کچان لە تەمەنی منالی و پێش تەمەنی ١٨ سالی یەکێکە لە هۆکارەکانی گیان لە دەستدانی دایکان لە کاتی دوگیان بون یاخود لە کاتی لە دایک بونی مندالەکەیان.

بە پێی بەدوداچونەکانی یەکەی چاودێری کە یەکەیەکی تایبەتە بە چاودێریکردنی دۆخی تەندروستی و پەروەدە لە گەرمیان، زۆرێک لە حالەتە نەخوازراوەکانی گیان لەدەستدانی ژنانی دوگیان لەو دایکانە روی داوە کە هاوسەرگیری پێێشوەختەیان کردوە جا لە دوگیان بونی یەکەمی بێت یاخود لە دوگیان بونەکانی دیکەی.

د.بەناز جەلیل، پسپۆڕ لە نەخۆشیەکانی ژنان و منالبون، هاوکات بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالبون لە قەزای کەلار، ئاماژە بەوەدەکات کە ژنان لێرە لە تەمەنیک دوگیان دەبن کە مەترسیەکانی سەر ژیانیان زیاتر دەبێت ئەویش تەمەنی خوار (١٨) سالیە "لێرە فەرهەنگی خەلکەکە وایە پێیان ئاساییە کچیان لە خوار هەژدە سالیەوە هاوسەرگیری بکات بەمەش لە کاتی دوگیان بون (حمل) مەترسی تەواو لەسەر ژیانی ئەو دایکە دروست دەبێت، دواتریش کە توشی حالەتی نەخوازراو دەبێت پزیشک تاوانباردەکرێت، چونکە ئاستی هۆشیاریان زۆر نزمە لە روی زانستی پزیشکیەوە".

هۆکاری مەترسیەکانیش بۆ سەر ژیانی ئەو دایکانەی کە هاوسەرگیری پێشوەختەیانکردوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لە روی جەستەییەوە ئەو دایکە هێشتا ئامادە نیە "تاوەکو تەمەنی هەژدە سالی ژنان لە روی تەندروستیەوە جەستەیان ئامادەی تەوای تێدا نیە بۆ دوگیان بون لە ئەگەری دوگیان بونیشدا مەترسیەکان بۆ گیان لە دەستدانی دایکەکە یاخود مندال چەند هێندە زیاترە لە گیان لە دەستدانی دایکێک لە سەرو تەمەنی ١٨ سالیەوە هاوسەرگیری دەکات".

ئەگەرچی بە یاسا ڕێگری کراوە لە بەشودانی کچانی تەمەن منال، بەلأم لە راپۆرتێکی ژمارە ١٨ رۆژنامەی نەوژین پارێزەر (بەهار عەلی) هێمای بۆ ئەوەکردوەکە "ئەو کچانەی کە تەمەنیان منالە لەبەر ڕێگری یاسایی لە دەرەوەی دادگاکان مارەدەکرێن یان لەناوچە دابڕاوەکان مارەدەکرێن". نمونەی یەکێک لەو کچانە (چیمەن)ە کە لە تەمەنی ١٣ سالی بەشودراوە، بەم شێوەیە باسی بەشودانەکەی دەکات و دەلێت: "بە قسەی دایک و باوکم لە تەمەنی ١٣ سالی لای مەلایەک مارەکرام، پزیشکانیش پێم دەلێن ناتوانیت ببیتە خاوەنی منال، چونکە کاتێک هاوسەرگیریت کردوە خۆت منال بویت".

## 3. خەتەنەکردنی کچانی مناڵ

لە نوێترین ڕووپێوییی کە ڕێکخراوێکی ئەڵمانی ئەنجامی داوە لەساڵی ٢٠١٨ دا، دەریدەخات ٥٪ی کچانی تەمەن ١ ڕۆژ بۆ ٢٥ ساڵ لە گەرمیان خەتەنەکراون.

ئەمە لە کاتێکدایە خەتەنەکردن بە پێی یاسایی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان، کارێکی یاساغ و قەدەغەیە، بەڵام وەک ئامارەکانی ئەم ڕێکخراوە پیشانیداوە کە تاوەکو ئێستا خەتەنەکردنی منالّی مێینە بەردەوامە لە گەرمیان.

لە ژمارەی ٢٧ ڕۆژنامەی (نەوژین) ڕاپۆرتێکی تایبەت بەم کەیسە لە گەرمیان خراوەتەڕو ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەندامێکی تیمی وادی ئەڵمانی کە ڕێکخراوێکە سەروی ١٥ ساڵە لەو بوارەدا لە گەرمیان کاردەکات

لەنێو ڕاپۆرتەکە ئەندامەکەی تیمی (وادی) چیرۆکی ئەو منالّەی گەرمیانیش دەخاتەڕو کە بەهۆی خەتەنەکردنەوە توشی خوێنبەربون دەبێت پاشان گیان لەدەست دەدات.

"لە کاتی بەدواداچونەکانمان ئەوەمان بیست کە کچێک بەهۆی خەتەنەکردنەوە گیانی لەدەست داوە، دوای سەردانکردنی خێزانەکەی دایک و باوکی ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە کچەکەیان پاش ئەوەی خەتەنەیان کردوە، توشی خوێنبەربون بوەو گیانی لەدەست داوە".

هاوکات ڕوپێویەکە ئەوەی خستوەتەڕو کە ئەگەرچی حاڵەتەکە هەر ماوە و بنبڕی کۆتایی نەکراوە، بەڵام بە ڕادە و ڕێژەیەکی زۆر کەمیکردوە.

## 4. لێدان و سزادانی قورسی منالّ

لێدان زۆرجار لەلایەن دایک و باوکەوە وەک مافێکی خۆیان دەبینین بۆ تەمێکردنی منالّەکەیان بۆ ئەو شێوازە هەڵسوکەوتەی منالّەکەیان کە لەلای ئەوان پەسەند نیە.

سارا، کچێکی تەمەن ١٤ ساڵە چیرۆکی لێدانی لە لایەن خێزانەکەی بۆ یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ ئاشکرا کرد و وتی: "ئەگەر شتێک بکەم بە دڵی دایکم نەبێت بە خالّم دەڵێت لێمبدات".

ئەو بەردەوام بو لە گێرانەوەکەی : "حەزم دەکرد دایک و باوکی منیش وەک منالّی دیکە هەمو شتێکیان لەم قەدەغە نەکردایە و لێییان نەدایەم من ناتوانم بەدڵی خۆشم سەیری تیڤیەکەمان بکەم ئەوان لە خوشک و براکانی دیکەشم دەدەن".

ئەو و تەواوی منالّانی دیکەی سنورەکە دەڵێن هیچ نازانین دەربارەی ئەوەی لەسەر ئەو لێدانانە سکالابکەین، دەشڵێن دەترسین کەس پشتی ئێمە نەگرێت.

## 5. توندوتیژی لەناوەندەکانی خوێندن

جۆرێکی تری باوی توندوتیژی بەرامبەر بە مناڵانی گەرمیان توندوتیژیە لەناوەندەکانی خوێندن.

لە راپۆرتی ژمارە 20ی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان تایبەت بە کەرتی پەروەردە، بە وردی باس لەم حاڵەتە کراوە و ئەوە خراوەتەڕو کە ئەگەرچی توندوتیژی جەستەیی وەکو رێژە زۆر کەم بوەتەوە، بەڵام توندوتیژی دەرونی و گوفتاریی جێگەی گرتوەتەوە، کە زۆرتر بەکارهێنانی وشەی نەشیاو و جنێوە بەرامبەر بە منااڵنی فێرخواز.

**بەشی دووەم: دەرەنجام و ڕاسپاردە**

1. پێشێلکاریەکان بەرامبەر بە منالآن زۆرن و لە هەمو بوارێکدا دەکرێن، هۆکارەکەش بەشی زۆری پەیوەندیی بە هۆشیاریی خەڵکیەوە هەیە، چونکە تائێستاش بەشێکی زۆری هاوڵاتیان پێشێلکردنی ئەو مافانە بە پێشێلکردن نازانن و بە کارێکی ئاسایی دەزانن، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە هەڵمەتی هۆشیاریی زیاتری بۆ ئەنجام بدرێت.

2. توندوتیژیی یەکێکە لەدیارترین ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە منالآن دەکرێت، لە زۆرینەی ئاست و بوارەکان دا ئەم حاڵەتە بونی هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا ئالیەت و ڕێگەچارەکان زۆر سست و لاوازن، ئەگەرچی لە روی هۆشیارییەوە گەورەکان زۆر کەم هۆشیارن لەمبارەیەوە، هاوکات سزادان و لێپێچینەوە یاساییەکانیش لەبەرامبەر بە توندوتیژی دژ بە منالآن، نەبونەتە هۆی ئەوەی وا لە گەورەکان بکەن دەستبەرداری توندوتیژی ببن. ئەمەش پێویست دەکات حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان پێداچونەوە بە هەنگاو و کارەکانیان بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە منالآن بکەن.

3. یەکێک لە کێشە گەورەکان ئەوەیە کە منالآن توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، نازانن رو لە کوێ بکەن و دڵنیا نین کەس گوێیان لێدەگرێت یان ئەم روکردنە نابێتە هۆی ئەوەی هێندەی تر توندوتیژییان بەرامبەر نەکرێت، حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانی پێویستە ئالیەتێک بۆ ئەم مەبەستە بدۆزنەوە و سود لە ئەزمونی ولآتان وەربگرن، چونکە دەبێت ئەوە رەچاو بکرێت کە رۆشتنی خودی منالّ بۆ تۆمارکردنی سکالآ بەوشێوە تەقلیدییەی لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم و عێراق دا هەن، زۆر ئاستەم و ناکردەیین.

4. لەپاڵ پێشێلکارییەکان دا، هاوکات هەندێک بەرەوپێشچونیش هەیە، بۆنمونە لە پرسی خەتەنەکردنی کچان دا، کە روپێویەکان ئاماژە بە دابەزینی رێژەی خەتەنەکردنی کچان دەکەن. هەروەک بەپێی بەدواداچونەکانمان، بونی سزا و لێپێچینەوە، وایکردوە ژنێکی زۆر لەوانەی پێشتر ئەم کارەیان دەکرد، ئێستا لە ترسان دا دەستبەرداری بن. پێویستە ئەم خاڵە بە هەند وەربگیرێت و جەختی زیاتری لێبکرێتەوە.

5. ئیشکردنی منالآن بەتایبەتی لە هاوینان دا، حاڵەتێکی زەقە، ئەمەش دابەشبوە بۆ دو ئاست:

یەکەم: ئەو منالآنەن کە کەسوکار و بەخێوکەریان هەیە و خێزانەکانیان بە نیازی فێربونی پیشەیەک منالەکانیان دەخەنەبەر کار و زۆر پێویستیان بە کرێی ئەو کارە نییە.

دوەم: ئەو منالآنەن کە هەژار و دەستکورتن و کەسی بەخێوکەریان نییە یان پەککەوتەیە، ئەمانە بەناچاری کاردەکەن و بژێویی خێزانەکانیان لە ئەستۆ دایە.

ئەگەرچی کارکردنی منالآن بە یاسا رێگەپێنەدراوە، بەڵام ئالیەتێکی رون نییە لە بەر گرتن بەم کارە، هەروەک هیچ یاسایەکیش نیە کۆمەکی ئەو منالآنە بکات کە لە دەستەی دوەمن و بە ناچاری کاردەکەن، ئەمەش پێویست بە گۆڕانکاریی کردن لە یاساکانی چاودێریی خێزان دەکات بەشێوەیەک ئەو خێزانانە گرنگیی زیاتریان پێبدرێت کە بەخێوکەریان نییە، بۆ ئەوەی منالآن ناچار بە کارکردن نەبن.

6. منالآنی گوندەکان لەناو زۆر کێشەی ژیانیی و مافیی دا ژیان دەکەن، ئەوان بە ئاستەم دەتوانن بخوێنن، کە دەشخوێنن زەمینەی پێویستیان بۆ فەراهەم ناکرێت بۆ بەردەوامبون، لەنمونەی ئەوەی بۆ خوێندنی قۆناغەکانی تری

خوێندن ناچار دەبن هاتوچۆی گوندی تر یان شار بکەن، ئەمەش لە روی داراییەوە بارگرانی دەبێت بۆسەر خێزانەکانیان و پاساوێکیشە بۆ ئەوەی بەوهۆیەوە لە قوتابخانە دەربکرێن، بەشی زۆری ئەمانەش، کچان دەگرێتەوە.

7. زیاتر لە منالانی دیکە، منالانی خاوەن پێداویستی تایبەت، پێویستیان بە گرنگیی پێدانە. خۆشبەختانە لەگەرمیاندا هەولی خۆبەخشی و کۆمەلگەیی باش هەیە بۆ گرنگیدان بەم توێژە، بەلام پالپشتییە فەرمیەکان بۆ ئەم هەولانە ئەگەرچی هەیە، بەلام زۆر بەهێز نییە، ئەمەش پێویست دەکات دەسەلات زیاتر بەخەم بن بۆ ئەم توێژە، بەتایبەتی لەروی گرنگیدان بە خوێندنیان و پێگەیاندنیان لەروی پیشەییەوە.

8. سەربارى ئەو بەدواداچونانەی کە کردومانە، بەلام هێشتا ناتوانین هەلسەنگاندێکی تەواو بۆ دۆخی منالان بکەین لەگەرمیان، پێمانوایە ئەم کارە بەدواداچونی ورد تر و پرۆژەی گەورەتری پێویستە، هەربۆیە لێرەوە دەستپێشخەریی خۆمان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت و پارلەمان و کۆمەلگەی مەدەنی دەخەینەپێش، بۆ ئەوەی لێکۆلینەوەیەکی ورد تر لەوبارەوە ئەنجام بدەین و بتوانین پێوەرێکی سالانە دروست بکەین کە ئاستی رەوشی منالانی گەرمیان دەستنیشان بکات.

*** سەرپەرشتیاری راپۆرت:**

رێناس سالح

*** بۆ پەیوەندی:**

07701627361 -07740878153

radiodeng@yahoo.com

mrov.radiodang@gmail.com

www.radiodang.org